بارزانی و فەیاز بارودۆخی سیاسی ناوخۆیی و هەرێمایەتی تاوتوێ دەکەن

ئەمڕۆ یەکشەممە، مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، بارودۆخی سیاسی ناوخۆیی و هەرێمایەتی لەگەڵ فالح فەیاز سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی تاوتوێکرد.

بارەگای بارزانی لە ڕاگەیەندراوێکدا کە دەستی ئاژانسی موتەڵڵع کەوتووە بڵاویکردەوە، لە سەلاحەددین، سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە فالح فەیاز سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی کرد.

وتیشی لەدیدارەکەدا بارودۆخی سیاسی و ئەمنیی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ کرا و ڕۆشنایی خرایە سەر پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراقی فیدڕاڵ.